## دیمانەی رۆژنامەی ئالاَ لەگەڵ (هۆزان مەحمود)و(ستیڤان شەمزینانی) دەربارەی کەمپینی نیَونەتەوەیی گۆرینی بەندی حەوتی دەستووری



کوردستان.

**ئا: بارزان عەلی**

لەم چەند رۆژەدا کەمپینی نیَو نەتەوەی گۆرینی بەندی حەوتی دەستوری هەریَمی کوردستان بەشیَوەیەکی چروپر کەوتە کارکردن بۆ گوشارخسستنە سەر لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەریَمی کوردستان تا ئەوبەندە بگۆریَت و دەستوری کوردستان بکریَتە دەستووریَکی عەلمانی ، وابریارە ئەم کەمپینە چالاکی بەردەوام بکات بۆ گۆرینی ئەوبەندەی دەستوور . بۆ ئەو مەبەستە و زیاتر تیشک خستنە سەرکاری کەمپینەکە ، ئەم دیمانەیەمان سازدا لە گەڵ هەریەک لە بەریَزان ( هۆزان مەحمود ) و ) ستیڤان شەمزینانی )لەستافی ریَکخەرانی کاری کەمپینەکە .

**ئالاْ : کاری ئەم کەمپینە تائیَستا چۆن بەریَوەچووە و گەیشتۆتە کویَ ؟**

هۆزان : ئیَمە بەشیَوەیەکی سیمبۆلی لەریَگەی ئینتەرنیَتەوە کەوتینە ئیمزا کۆکردنەوە ، مەبەستی سەرەکیمان بەدەست هیَنانی پشتیوانی جیهانی و لۆکالی بوو بۆ کەمپینەکەمان تیَکستی سەرەتایی کەمپینەکە بەزمانەکانی ئینگلیزی – عەرەبی – کوردی – فەرەنسی – بلاَو کرایەوە لەریَی ماڵپەرەکانە و لە سایتەکانی بۆ پیَشەوەو دەنگەکانەوە گۆشەو لینکیَکی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە بۆ ئاراستەکردنی بیروبۆچوونی کەمپینەکەو راکیَشانی سەرنجی رای گشتی کوردی و هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا هەستاوین بە سازدانی چەند کۆر و کۆنفرانسیَک لەناوەوە و دەرەوەی ولاَت و ئەنجامدانی چاو پیَکەوتنی رۆژنامەگەریی بە مەبەستی ئاشناکردنی خەڵک بەئامانجی کەمپینەکەمان ، هەروەها بۆ بردنە سەرەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵک لەبەرامبەر مەترسی بەئیسلامیزەکردنی دەستوری هەریَمی کوردستان سەرەرای کەمی کات , چونکە ئیَمە لە 15 /12/ 2006 دەستمان بەکارکرد بەلاَم کارمان کردووە بەشیَوەیەکی زۆر چرو پر ، لەیەک دوو رۆژی ئایندەدا بەشیَوەیەکی رەسمی ئەو ئیمزا و هاوپشتیوانیانەی کەلە ناوەوە و دەرەوەی ولاَت کۆمانکردۆتەوە دەیگەیەنیین بەلیژنەی نووسینەوەی دەستوور و پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ بەریَزان ستیڤان شەمزینانی و سوَزان شەهاب و خۆم دەچینە پەرلەمان و ئیمزاکان دەگەیەنینە جیَی مەبەست .

**ئالاْ : دەکریَت ئاماژەی زیاتر بکەین بەو پشتیوانیانەی دەرەوە کەچۆن بوون و لە چ ئاستیَکدا بوون ؟**

هۆزان : ئێمە کەبەشێوەی ئینتەرنێتی ئیمزا کۆ دەکەینەوە ، چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە کانی ژنان و سەندیکا کرێکارییەکان و حیزبەکانی چەپ و هەندێ کەسایەتی بەرجەستەی بیانی و لۆکاڵی هاوپشتیوانیان بۆکەمپین دەربریوە . هەروەها لەبەریتانیا لەگەڵ ئەندام پەرلەمانی ئەوروپی خانم ( جین لامبرت ) دانیشتوم و پشتیوانی خۆی بۆ کەمپین دەربری , واش بریاربوو ئەم کەمپینە ببەینە ناوپەرلەمانی ئەوروپا ، بەڵام بەهۆی کەمی کات و گەرانەوەی من بۆ کوردستان ، ئێستا ئەم هەنگاوە مان دواخستووە بۆ کاتێکی تر . هەروەها ئەندام پەرلەمانێکی تری ئەوروپی بەناوی ( کارۆلاین لوکاس ) ئەمیش ئیمزای خۆی لەم کەمپینە داوە .

ئاڵا : ئەگەر ئەم دەستوورە وەک خۆی و بێ گۆرانکاری خرایە بەردەست جەماوەر بۆ دەنگدان لەسەری کەئایا عیلمانی بێت یان بەوشێوەیە دین رۆڵی تیا بگێرێت ، چارەنووسەکە چۆن دەبێ , پێت وانیە خەڵک دەنگ نادەن بە دەستووری علمانی ؟

هۆزان : من وابیر ناکەمەوە ، هەرکەسێک لەم وڵاتە لەدایک دەبێت یەکسەر لەسەر ناسنامەکەی دەنووسن موسڵمان ، زۆرێک لەئێمە و مانان لەناسنامەکانماندا بەموسڵمان حیساب کراوین , بەڵام لەواقیعدا ئاتەئیستین بۆ یە کەگەورە دەبین و بیر دەکەینەوە دەگۆرێین بۆ ئاتە ئیست . بەڵام جیاوازی لەوەش کەخەڵک بەپێی یاسا ئازاد نیە لەوەی ئەم ئەم موسڵمانییە لەناسنامەکەی خۆی لابدات بۆیە ئەگەر ئازادی هەبێت خەڵکانێکی زۆر هەن لەسەر ناسنامەکانیان نانووسن موسڵمان بەباوەری من موسڵمانێتی و ئیسلامی زۆر لەیەک جوودان ، رەنگە خەڵکانێکی زۆر هەبن پەیرەوی بنەماکانی ئیسلام بکەن بەڵام پێم وانیە بیانەوێت دەستوورەکەیان ئیسلامی بێت و شەریعەت بکرێتە سەرچاوەی دەستوور . مەزهەب زۆرتر شتێکی شەخسی مرۆڤەکانە و هیچ کەسێک بەخاتری هەربیرو باوەرو دیانەتێک کەهەیەتی پێویست ناکات بکەوێتە ژێر زۆر و زەبر و زەنگ و چەوساندنەوە .

هەربۆیە دەبێت دین جیابێت لەدەوڵەت و پەروەردەو سیستەمی فێر کردن . پێم وانییە ئەوەندە خەڵک دواکەوتوو بن دەنگ بدەن بەدەستورێک لەسەر بنەمای شەریعەت و مەینەتیەکی تر بخەنە سەر مەینە تییەکانی تری ژیانیان

ئاڵا : کارەکانتان لەناوەوەی وڵات چۆن چۆتە پێشەوە و چ کارێکتان کردووە ؟

ستیڤان : بەشێوەیەکی چالاکانە کارمان کردووە ئەویش لە پەیوەندیی کردن بەرۆشنبیران و خەڵکانی سیکۆلار و هەروەها پەیوەندیمان کردووە بەرێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە و چوار لەو رێکخراوانە هاوپشتیوانی خۆیان بۆ ئەم کەمپینە دەربریوە ، ئەمە جگە لەوەی بەهەمان شێوە زیاتر لە 160 رۆشنیرو هونەرمەند و نووسەری کوردستان لەگەڵمانن بۆ گۆرینی بەندی حەوت و نایانەوێت دەستوور ببێتە دەستوورێکی ئیسلامی .

لە هەمان کاتدا لەرێگەی هۆیەکانی راگەیاندنەوە رەخنەمان لەوبەندە گرتووە و هەوڵمان داوە بۆخەڵکی رۆشن بکەینەوە کە دەستووری ئیسلامی دژی ماف و ئازادییە سەرەتاییەکانی هەرکەسێکە ئێستاش وابەنیازین بچینە پەرلەمان و لەگەڵیان قسە بکەین و پەیامی خەڵکانی سیکۆلار بگەیەنینە دەستیان ، هەرچەندە ماوەکە کەم بووە و ئێمەش رێگریمان زۆر لەبەردەم بووە بەڵام چالاکی گرنگمان کردووە لەو راستایەدا .

ئاڵا : ئامانجی فراوانتری کەمپین چییە ئایا عەلمانیەت و هێزی عەلمانیەت لەم کەمپینەدا کۆدەبێتەوە ؟

ستیڤان : بەڵێ , ئەم کەمپینە سەرەتایەکی زۆر گرنگە بۆ رێکخستن و کۆکردنەوەی دەنگی پەرش و بڵاوی هێزو کەسایەتیە سیکۆلارەکانی کۆمەڵگەی کوردستان ئەم کەمپینە لە فۆرم و شێوەی تردا بۆ جوڵاندنی بیرۆکەی عەلمانیەت هەربەردەوام دەبێت , دیارە تەنیا بەگۆرینی ئەوبەندەی دەستوور کۆمەڵگە نابێتە کۆمەڵگەیەکی سیکۆلار ، بەڵام سەرەتایەکی زۆر باشە ، بۆ ئەوەی عەلمانیەت بەگۆر و تینێکی باشەوە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا

بێته پێشەوە و خۆی بسەپێنێت . ئامانجی دوور ماوەی ئێمە کۆکردنەوەی هێزی عەلمانیەتە لەناوەوەی وڵات هەڵبەتە بە کۆمەک و هاوپشتیوانی وەرگرتن لەڕەوتە سیکۆلارەکانی دنیا بە شێوەیەکی گشتی و زۆر فراوان .

**ئاڵا : ئەگەر ئەم بەندە لەدەستوور نەگۆڕاو داواکەتان پەسند نەکرا ئێوە چ کاردانەوەیەکتان دەبێت ؟**

ستیڤان : وەکو پێشتر وتم ئەگەر ئەوبەندەش بگۆردرێت کاری ئێمە تەواو نابێت ، جا ئەگەر ئەو بەندە نەگۆڕا و ئیسلامیزەکردنی دەستوور سەپێنرا بەسەرخەڵکی کوردستاندا ڕێگە و شێوازی تر دەگرینە بەر ، ئەویش لەڕێی گوشاری جەماوەریی لەناوخۆو گوشاری مەدەنی و سیاسی لەڕێگەی ڕێکخراوە جیهانییەکانەوە . هەروەها لە ئاستێکی جیهانیدا و لەڕێی میدیاکانەوە دەسەڵاتی کوردی فەزح دەکەین و هەوڵدەدەین بەهاوکاری ڕەوتە عەلمانیەکانی دنیا بەتایبەتی لە خۆر ئاوا ئەو بەندە پوچەڵ بکەینەوە . بەکورتی مەیدانەکەمان فراوانتر دەکەین و ئەوەی ئێستا بۆمان ئەنجام نەدراوە بێ گومان ئەوکاتە دەستی بۆ دەبەین و ئەنجامی دەدەین . ئێمە بەهیچ جۆرێک کۆڵنادەین تا ئەوکاتەی کۆمەڵگەی کوردستان وەردەچەرخێت بۆ کۆمەڵگەیەکی شارستانی و سیکۆلار